ئیسماعیل عوسمان
٦-١-٢٠٠٢

# یەکێتی خاکی عێراق یا بن دەستی کوردستان و زەلیلی کورد ؟!

ماوەیەکە ئەگەری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە ڕۆژ بەڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە، هەموو لایەن وکەسێکی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیە هەستی خۆیان ڕاگرتووە، هەر کەسە دەیەوێ لەم هەل و مەرجە سوود ببینێ و بەڵکو ئەوە خوایە لەم هەراوگێژاوە ناسکە شانسێکی نەسیب بێ.

دەوڵەتان و خەڵک لە دان وستاندنی نێو دەوڵەتیدا، تەنها بیانوویان، تەنها و تەنها بەرژەوەندی میللەتەکەیانە. تەنها شتێ ی کورد نەیبێ، کە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و دان وستاندنی نێونەتەوەییدا ئەم پرنسیپە گرنگە لەبیر ئەکەین و ئەکەوینە ناو زەلکاوی هەڵەوە جار لە ~~[illegible]~~ دوای جار.

لەم هەل و مەرجەدا کە ئەگەری لێدانی عێراق نزیکتر دەبێتەوە پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا لە عێراق دەدرێت یان نە؟! بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە کەی و چۆن؟! ئالەم وەختە و ساتەدا ئێمە باس لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەین و بەئەندازەی عەرەبە قەومییەکان بەپەرۆشی یەکپارچەیی خاکی عێراقین.

ئەوەندە بەپەرۆشی یەکێتی خاکی عێراقین کە لە ڕۆژنامە گرنگەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی کوردستانی باس هەر باسی یەکێتی عێراق و میللەتی عێراقە. ئەوەندە بەپەرۆشین کە ڕۆژنامەکانمان ناوە ناوە باسی خورمای وەتەن و لەززەتی خورمای ~~[illegible]~~ وەتەنیش دەکەن. وەکو ئەوەی کە هەموو ئارەزوو هیوای کورد تەنها خورما خواردن بێت و، چل ساڵی ڕەبەق بۆ بەدەست هێنانی خورمای عێراق شۆڕشمان کردبێت و قوربانی خوێنیمان دابێت.

ئەگەر یەکێتی خاکی عێراق مانای بن دەستی کوردستان بێت و لە ئەنجامدا بن دەستی و
زەلیلی کورد، ئەوا بۆ دەبێت ئێمە بە پەرۆشی یەکێتی خاکی عێراق بین ؟!
یان دەتوانین بە شێوەیەکی تر بڵێین ئەگەر پارچە پارچە بوونی عێراق
بە واتای ئازادی کوردستان بێت بۆ دەبێت ئێمە بە پەرۆشی پارچە پارچە بوونی
عێراق نەبین .

ڕەنگە شتێکی نوێیان نەگوتبێ ئەگەر بڵێین سیاسەتی نێونەتەوەیی
ئەمڕۆ دان وستاندنە پێویستە بە وریاییەوە لەم دان وستاندنە
تەنها بەرژەوەندی میللەتەکەمان بێت و کورد خزمەتکاری
بابی هیچ کەس نەبێت جارێکی تر .

ئێمە وەکو کورد دەبێت زۆر بە ئاشکاوی ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا بەگشتی
تێبگەیەنین کە ئەگەر ئێمە ببینە بەشێک لە لەشکری ڕووخانی سەددام و
تێکدانی عێراق ئەوا دەبێت بێگومان لە ئێستاوە نرخەکەی بۆمان دیار بێت ،
کە ئەویش ئیعتیراف کردنە بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و
دیفاع کردنە لێمان ، بە تایبەتی لەم ڕۆژەی ئەمڕۆ کە ئەمریکا تاکە زلهێزی
دونیایە و دوای لەشکرکێشی ئەمریکا لە ئەفغانستان ئیتر بۆ هەموو دونیا
ڕوون و ئاشکرایە کە ناوەندی بڕیار لە کوێیە .
ئەگەر ناوەندەکانی بڕیار لە ئەمریکا بڕیاری شتێک بدەن ، ئەوە کەس ناوێرێ
بە توندی دژی ڕاوەستێ . هەموو جیهانی عارەب لە دڵەوە پیرۆزباییان
لە بن لادن و ئەلقاعیدە دەکرد بەڵام بە ئاشکرا هەموو سەرانی عارەب
لە بەرەی شەڕی دژی تیرۆر ڕاوەستان و دەستیان بە دوعا بوون کە
گورزەکەی ئەمریکا ئەوانیش نەگرێتەوە .

بەڵام ئایا ئەمریکا بۆ پارەتیان بدات ؟ خۆ ئەمریکا خاچی سووری نێودەوڵەتی
نییە تا بێ مقابل پارەتیان بدات ؟! خۆ مەسەلەی ئێمەش مەسەلەی نان و
ئاو و سک تێر بوون و بێ پۆشاکی نییە تا خاچی سووری نێودەوڵەتی
بەهانامانەوە بێت . مەسەلەی ئێمە مەسەلەیەکی سیاسی زۆر گەورەی

بێ وێنەیە لە جیهان و دەبێ ببینە بەشێک لەو کایە سیاسییە گەورەیەی لە ناوچەکەی ئێمە لە ئارادایە و دەبێت ئەرکی سەرانەشمان بۆ هەموو بەشەکان ئەوەو ئەرکی بەرژەوەندی خاک و میللەتەکەمان بێت « ئەمە سەدام خاکی کوردستان و میللەتی کوردە نەک خاکی عێراق و میللەتی عێراق ، چونکە لە وێژەرانە ڕۆژنامەکانمان ئەوەندە باسی عێراق و یەکێتی خاکی عێراق و گەلی عێراق دەکەن دەترسم خوێنەری هێژا! بە هەڵە لێم حاڵی ببێ) .

پێویستە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ باس لە کوردبوونی خۆمان و سیفەتە جیاکراوەکانی خۆمان بکەین ، باس لەو بەڵایە بکەین کە ناوی عێراقە و ئێستا ٧٦ ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنین ، باسی ئەنفالەکان و کیمیاوی بارانەکان و عەلی حەسەن مەجیدەکان بکەین ، نەک باسی عێراق و یەکێتی خاکی عێراق .

ئاخر دەبێت ئێمە تازە چی چاوتکیان لە عێراق و خێروبێری عێراق بێت ؟!

ئەگەر پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق پەیوەندیەکی کۆت و زنجیر و لە زرۆک بوو ئەوا ئەنفال و کیمیاوی و تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و عەلی حەسەن مەجید هێنەیەکی تر لە زرۆکیان کرد ، حەیفە ئێمەی کورد بە دەستی خۆمان ڕەونەق بەو پەیوەندیە ببەخشینەوە ، ئەگەر کارێکی ئەوەها بکەین دەبینە گاڵتەجاڕی مێژوو ، دەبینە پەندو عیبرەت بۆ نەوەکانی داهاتوو .

دەبا هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین ئەم پەیوەندیە نالەبارە ، لە زۆرەکە بە زۆر داسەپێنراوە بپچڕێنین و لە جیاتی ئەوە سەروەری خۆمان بکەینە ئامانج و هەوڵی بۆ بدەین .

سوید
٦ کانوونی دووەمی ٢٠٠٠